ISSN: 1999-5601 (Print) 2663-5836 (online)

Lark Journal

Available online at: https://lark.uowasit.edu.iq

*Corresponding author
**Dr. Abdulsamad Ahmed Mohammed**
Kindergarten Department, College of Basic Education, University of Sulaimani
Email: abdulsamad.mohammed@univsul.edu.iq

**Keywords**:kindergarten programs, children's abilities, teacher perspectives

A R T I C L E   I N F O

Article history:
Received 20Dec 2024
Accepted 26Dec2024
Available online 1 Jan 2025

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

CC BY

# Kindergarten programs and their relationship to children's abilities from the teachers' perspective

A B S T R A C T

The aim of this study was to evaluate the quality of kindergarten programs among teachers in Sulaimani and to examine the differences between programs in public and private kindergartens. The researcher employed a descriptive analysis method. The study population consisted of all kindergarten teachers in the center of Sulaimani city, totaling 1,362 individuals. A sample of 83 male and female teachers was selected for the study. The tools used included criteria related to "kindergarten programs and their relationship with children's abilities from the teachers' perspective." These criteria were developed using insights from previous research, books, and scholarly work. The primary statistical tools used were the t-test and the Pearson correlation coefficient.

:The results of the study indicate the following

.1 The quality of kindergarten programs among teachers is generally high.

.2 There is no significant difference in program quality between public and private kindergartens.

.3 Kindergarten teachers are generally aware of the level of children's abilities.

4. Children's abilities in private kindergartens are higher than those in public kindergartens

© 2025 LARK, College of Art, Wasit University

DOI: https://doi.org/10.31185/lark.4076

## مناهج رياض الأطفال و علاقته بقدرات الأطفال من وجهة نظر المعلمين

أ.م. د. عبدالصمد احمد محمد/ قسم رياض الاطفال، كلية التربية الاساسية، جامعة السليمانية

ملخص

هدفت هذه الدراسة إلى تحديد مستوى برامج رياض الأطفال و علاقته بقدرات الاطفال من وجهة نظر المعلمين في السليمانية، وكذلك تحديد الفروق بين البرامج حسب رياض الأطفال الحكومية والخاصة. واستخدم الباحث المنهج الوصفي التحليلي. يتكون مجتمع البحث من جميع معلمات رياض الأطفال في مركز مدينة السليمانية والبالغ عددهن (1362). وبلغت عينة دراستنا 83 معلما ومعلمة. وتشمل الأدوات المستخدمة معيار (برامج رياض الأطفال وعلاقتها بقدرات الأطفال من وجهة نظر المعلمات)، كما تم إعداد معياري (برامج رياض الأطفال وقدرات الأطفال) باستخدام الأبحاث والكتب والباحثين السابقين. ومن أهم الأدوات الإحصائية المستخدمة اختبار (ت) ومعامل الارتباط الشخصي. وتظهر نتائج هذه الدراسة أن:

1. أن مستوى برامج رياض الأطفال لدى معلمات رياض الأطفال مرتفع بشكل عام.

2. لا يوجد فرق في البرنامج بين رياض الأطفال الحكومية وغير الحكومية.

3. التعرف على مستوى قدرات الأطفال لدى معلمات رياض الأطفال.

4. قدرات الأطفال في رياض الأطفال غير الحكومية أعلى منها في رياض الأطفال الحكومية .

**الكلمات المفتاحية**: المناهج، رياض الأطفال، القدرات الاطفال.

مجلة لاراك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

**پوختەی توێژینەوە**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە زانینی ئاستی پرۆگرامی باخچە لای مامۆستایانی باخچەی منداڵان لە شاری سلێمانی، هەروەها زانینی جیاوازی پرۆگرام بەپێی باخچە حوکمی و ناحوکمییەکان، زانینی ئاستی توانای منداڵان لای مامۆستایانی باخچەی منداڵان لە شاری سلێمانی، زانینی ئاستی توانای منداڵان بەپێی باخچە حوکمی و ناحوکمییەکان. توێژەر میتۆدی وەسفی شیکاری باکارهێناوە، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە سەرجەم مامۆستایانی باخچەکانی سەنتەری شاری سلێمانی کە ژمارەیان (١٣٦٢). هەروەها نموونەی توێژینەوەکەمان (٨٣) مامۆستایە لە ڕەگەزی نێر و مێ. ئەو ئامرازانەی بەکارهاتوون، بریتیین لە پێوەری (پرۆگرامەکانی باخچە و پەیوەندییان بە تواناکانی منداڵەوە لە ڕوانگەی مامۆستایانەوە)، هەروەها هەردوو پێوەری ( پرۆگرامی باخچە و تواناکانی منداڵ) بە سوود وەرگرتن لە توێژینەوەکانی پێشوو، کتێب و توێژەر ئامادەیکردوە، دوای دەرهێنانی ڕاستگۆی و جێگیری، پێوەرەکان جێبەجێکران. لە گرنگترین ئەو

ئامرازه ئامارییانەی بەکار هاتوون بریتین لە (تاقیکردنەوەی(t) ، هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسـۆن).
ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە دەریدەخەن کە :

١ -ئاسـتی پرۆگرامی باخچە لای مامۆسـتایانی باخچەی منداڵان بەشـێوەیەکی گشـتی لە ئاسـتێکی بەرزدایە.

٢ -جیاوازی نییە لە پرۆگرامی نێوان باخچە حوکمی و ناحوکمییەکاندا.

٣ -ئاستی توانای منداڵان لای مامۆستایانی باخچە زانراو بوو.

٤ -توانای منداڵان لە باخچە ناحوکمییەکاندا لە ئاستێکی بەرزتردایە وەك لە باخچە حوکمییەکان.

کلیلی وشەکان: پرۆگرامەکان، باخچەی منداڵان، تواناکان منداڵ.

## بەشی یەکەم

## چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە

### ١-١کێشەی توێژینەوە :-

نهێنی کـارتێکردنی بـاخچە، بۆ دوو لایەنی سـەرەکی دەگەڕێتەوە. یەکەم پرۆگرامێکی هەمەڕەنگەی پەروەردەی نوێ و دەوڵەمەند، کە خواسـت و ئارەزووەکانی منداڵانی تێدا بەرجەسـتە بووبن. دووەم مامۆستایە کە دینەمۆی فێرکردن و پەروەردەکردنن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مامۆستایان یەکێکن لەو لایەنـانەی کە ڕووبەڕووی کێشـەو گرفتی هەمەجۆر دەبنەوە، بۆیە پێویسـتیـان بە پاشـخانێکی مەعریفی و پەروەردەی هەیە بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەیان لەگەڵ سـەرجەم ئەو گرفتانەی کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە. باخچەکان دەتوانن ئەم حەز و ئارەزووە سـروشـتیانەی منداڵەکان بقۆزنەوە و ڕۆڵێکی گرنگیان هەبێت لە داڕشـتنەوەی پرۆگرامێکی تۆکمە، کە بەشـداره لە بنیاتنانی کەسێتییەکی دروسـت و هاوسـەنگی منداڵاندا. کەواتە پێویستە ئەم پرۆگرامە پەسـەندکراو بێت و لە توانایدا هەبێت جیاوازی تاکایەتی نێوان منداڵەکان دەربخات بەو شێوەیەی ئەو منداڵانەی کە توانایان هەیە زیاتر گەشە بە تواناکانیان بدات، ئەو منداڵانەی کە توانایان لاوازە بە هەمان شێوە دەربخات و هاوکاری بکات لە بەهێزکردنی هەموو لایەنەکانی وەکو: کۆمەڵایەتی، سـایکۆلۆجی، جەسـتەی.. هتد.

لەبەر ئەو جیاوازیانەی کە منداڵان هەیانە ئاسان نییە دەستەبەرکردنی پرۆگرامێکی دروست، کەواتە بۆ داڕشـتنەوەی ئەم پرۆگرامە دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ئەو کەسـایەتیانەی ناو باخچەکان بە هۆکاری ئەوەی کە لە نزیکەوە مـامەڵە لەگەڵ خودی منـداڵەکـانـدا دەکەن و شـارەزای هەڵسـوکەوت و تـایبەتمەنـدیـانن، بۆیە ئەنجـامـدانی ئەم توێژینەوەیە بۆ زانینی پرۆگرامەکـانی بـاخچەکـان بە

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

لەبەرچاوگرتنی باخچە حوکمی و نا حوکمییەکان لە ڕوانگەی مامۆستایانەوە کە کێشە سەرەکییەکە، بریتییە لە چۆنییەتی و ئاست و کاریگەریی پرۆگرامەکان لەسەر منداڵانی باخچەکان لە ڕوانگەی مامۆستایان و سەرپەرشتیارانەوە لە ناوەندی شاری سلێمانی و باسکردنی ڕۆڵی باخچەکان لە پەرەپێدان و چارەسەرکردنی کەمو و کورتییەکان.

لەبەر ڕۆشنای ئەم کێشانەی سەرەوەدا ئەم پرسیارانەی خوارەوە بکرێت :

ئایا پرۆگرامەکان تا چەند پەیوەندیان بە تواناکانی منداڵانەوە هەیە لە باخچە؟

ئایا لە ئێستادا پرۆگرامەکانی باخچە لەو ئاستەدان کە گەشە بە تواناکانی منداڵان بدەن؟

دەتوانن ئەو جیاوازیانەی کە لە نێوان منداڵاندا هەیە لە ئاستەکانیاندا لەبەرچاو بگرێت؟

ئایا پرۆگرامەکانی خوێندن لە باخچە حوکمییەکان گونجاوترە یان لە باخچە نا حوکمییەکان؟

**١-٢گرنگی توێژینەوە :-**

منداڵان چۆن تێکەڵ بەکۆمەڵگا ببن و چۆن پەرە بە پەیوەندییەکانی دەوروبەری بدات؟ چۆن قسە دەکات کە لەیەك کاتدا قسەکەر و گوێگربێت و لە هەمبەر شتەکاندا بیر و بۆچوونی خۆی بەئازادانە دەرببڕێت؟ چۆن کاری بەکۆمەڵ لەگەڵ هاوڕێکانی دا ئەنجام بدات؟ چۆن فێری ژمارە ببێت و چۆن ڕەنگەکان بناسێتەوە لەگەڵ ناسینی ناوی شتەکان کە بەشێوەیەکی سادە و ساکار، کۆمەڵێ زانیاری سەرەتایی پێشکەش بکرێ بەجۆرێ لەگەڵ ئاستی تێفکرین و تێگەیشتنی ئەو قۆناغەی تەمەنی بگونجێت. هەموو ئەمانە بناغەن و بنەمایەکی سەرەکین تا لەم ڕوانگەوە پەرە بە بەهرە و توانا شاراوەکانی منداڵان بدرێت و کار بۆ ئامادەکردنیان بکرێت. کەواتە پرۆگرامی باخچەی منداڵان بنەمایەکە، هۆکارێکە تا لەو ڕێگەیەوە وا لە منداڵان بکرێت خوێندن و فێربوونیان خۆشبوێت. منداڵ بەردی بناغەی کۆمەڵگایە، بەهەر شێوەیەك بنیات بنرێت کاریگەریی لەسەر ئایندەی بەجێ دێڵێت.

پرۆگرامی باخچە گرنگییەکی گەورەی هەیە، چونکە ڕێگەیەك بۆ منداڵان دابین دەکەن کە بەهۆیەوە گەشە بە تواناکانیان بدات و هەنگاوبنێن، ئاگادارمان دەکاتەوە لەوەی کە منداڵان چی فێربوون و بەدەستیان هێناوە، و دەتوانن چی بکەن. گرنگە بوونی پرۆگرامێکی دروست کە ناوەڕۆکێکی گونجاو و گەشەی هەمەلایەنە لەخۆ بگرێت.

دەتوانین گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا بخەینەڕوو:

١- خستنەڕووی گرنگی گەشەپێدانی پرۆگرامی باخچە لەلای مامۆستایانی باخچە.

٢- بۆئەوەی بزانین ئایە تا چەند مامۆستایانی باخچەی منداڵان کۆکن لەسەر پرۆگرامی باخچەکان.



مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

٣- یارمەتیدەری پلاندانەران و گەشـــەپێدەرەکانی پرۆگرامەکانی باخچەی منداڵانە بۆ ناســـاندنی گرنگی پرۆگرامێکی دروست لە باخچەکاندا.

٤- خستنەڕووی گرنگی پرۆگرام و کاریگەریی لەسەر تواناکانی منداڵ.

٥- ســـەرنجڕاکێشـــانی توێژەرانی بواری باخچەی منداڵان بۆلای گرنگی بوونی پرۆگرامێکی گونجاو، بۆ گەشەی توانای منداڵ.

٦- خستنەڕووی ئەوەی کە ئایە تەواوکردنی هەموو بابەتەکانی ئەم پرۆگرامە پێویستە.

٧- بۆئەوەی بزانین، زۆری بابەتەکان، یان کەمی بابەتەکانی ناو پرۆگرامەکان، کاریگەرییان چۆنە لەسەر منداڵ.

**١- ٣ئامانجی توێژینەوەکە :-**

ئامانجی توێژینەوەکە چڕدەکەینەوە بۆ چوار خاڵ:

١ــ زانینی ئاستی پرۆگرامی باخچە لای مامۆستایانی باخچەی منداڵان لە شاری سلێمانی.

٢ــ زانینی جیاوازی پرۆگرام بەپێی باخچە حوکمی و ناحوکمییەکان.

٣- زانینی ئاستی توانای منداڵان لای مامۆستایانی باخچەی منداڵان لە شاری سلێمانی.

٤- زانینی ئاستی توانای منداڵان بەپێی باخچە حوکمی و ناحوکمییەکان.

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

**١-٤سنوری توێژینەوەکە :-**

سنوری بابەتی: (پرۆگرامەکان و توانای منداڵ).

سنوری کاتی: (ساڵی خوێندنی ٢٠٢٢-٢٠٢٣).

سنوری جوگرافی: (شاری سلێمانی).

سنوری مرۆیی: (مامۆستای باخچە).

**١-٥پێناسەی چەمک و زاراوەکان :-**

**پرۆگرام :**

خودای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: " لِكُلٍّ جَعَلْنَا مِنكُمْ شِرْعَةً وَمِنْهَاجًا ۚ" (المائدە:٤٨).

- عبدالکریم دەڵێت: وشـــەی (منهاج) لەم ئایەتە پیرۆزەدا بە مانای ڕێگای ڕوون و ئاســـان دێت. (عبدالکریم، ٢٠١٨، ١٨).

- الخفاجی لە پێناســەی پرۆگرامدا دەڵێت: " وشــەی پرۆگرام کە لە زمانی ئینگلیزیدا پێی دەوترێت (Curriculum) لە وشـــەی (Currer) ی لاتینییەوە وەرگیراوە، کە ئەمەش بە واتای ئەو ڕێگایە دێت کە مرۆڤ دەیگرێتەبەر بۆ گەیشتن بە ئامانجێك ". (الخفاجی: ٢٠١٧، ١٠).

- الوكيل و الموفتی لە پێناسەی پڕۆگرامدا دەڵێن: " پڕۆگرام هۆکارێکی سنوردارە بۆ گەیشتن بە کۆتاییەکی دیاریکراو". (الوكيل و الموفتی، ١٩٩٩، ٥).

لەبەر ڕۆشنایی ئەوانەی سەرەوە، دەتوانین بڵێین کە پڕۆگرام بریتییە لە: کۆمەڵێك ئەزموونی پەروەردەیی یەکگرتوو، لەوانە چالاکییەکان، یارییەکان، پراکتیکەکان، سەردانەکان، گەشتەکان، بارودۆخە پەروەردەییەکان و ئەوانی تر کە لە ماوەیەکی سنووردار دا بۆ منداڵەکە دابین دەکرێن.

**توانای منداڵ :**

- إسلام غنيمان، لێهاتوویی: وەك کۆمەڵێك زانیاری و ئەزموون و توانای کەسی پێناسە دەکرێت کە مرۆڤ دەبێت هەیبێت بۆ ئەوەی بتوانێت کارێکی دیاریکراو بە ئەنجام بگەیەنێت. (غنيمات: ٢٠١٩، ١٥٠).

- هشام بهرم، لێهاتووی - بەگشتی - توانا کەسییەکانن کە لە شارەزابووندا لەلایەن هەر کەسێك و کەسێکی دیکەوە جیاوازن، لەوانەیە لەلایەن هەموو کەسێکەوە خاوەندارێتی نەکرێت، یان لەوانەیە کەسانێك هەبن کە بە شێوەیەکی سەرەتایی و ناکاریگەر خاوەنیان بن. هەروەها بە فێربوون و ڕاهێنانکردن دەتوانرێت زیاتر گەشەی پێ بدرێت. (بهرم: ٢٠١٨، ٢٢٢).

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

**بەشی دووەم**

**چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە و توێژینەوەکانی پێشوو**

**١-١-٢چەمکی پڕۆگرام :**

وشەی پڕۆگرام بە مانایەکی فراوان و گشتگیر بەکاردێت، نەك بە هەڵە لێکدانەوە و تێکەڵکردنی بە وشەی "Syllabus" (المقرر الدراسي) بڕیار لێدراوی خوێندن، بە واتای ئەو زانیاری و مەعریفەیە دێت، کە پێویستە خوێندکار لە ماوەی ساڵێکی خوێندندا فێری بێت لە هەر بابەتێکدا، چونکە بەم واتایە وشەی بڕیار لێدراوی خوێندن سنووردارتر و دیاریکراوترە، بە واتایەکی تر (بڕیار لێدراوی خوێندن) بریتی دەبێت لە یەکێك لە ڕەگەزەکانی پڕۆگرام ئەویش ناوەڕۆك، یان چەندێتی زانیاری و مەعریفەیە کە لە چوارچێوەی پەرتووکێکدا بە قوتابی دەدرێت، بە پێچەوانەی وشەی پڕۆگرام کە تێکڕای پرۆسە و کایەکانی ناو پەروەردە دەگرێتەوە.(عەزیز، ٢٠١٩، ١١-١٢).

**٢-١-٣گرنگی پڕۆگرامی باخچەی منداڵان :-**

گرنگی باخچەی منداڵان و ئەو پڕۆگرامانەی پێشکەشی دەکات زۆرن گرنگترینیان بریتین لە: کاریگەریی بەرچاوی هەیە لەسەر گەشەی گشتگیر و خێرای منداڵ لەو قۆناغەی منداڵیدا گەشەی

جەســـتەیی و عەقڵی لە منداڵدا تەواو خێرایە، هاوکات کاریگەرە بە فاکتەرە ژینگەییەکانی، وەك خۆراکی تەندروست و وەرزش و خەوتن و شـەکەتی زۆر، هەموو ئەوانەش لە پرۆگرامی باخچەی منداڵاندا ڕەچاو کراوە کە ڕەنگە بەشـــێك لەوانە لە نێو خێزاندا بەهۆی نەشـــارەزاییەوە فەرامۆش بکرێت. هەروەها کاراکردن و گەشەپێدانی هەست لای منداڵ، منداڵ لەڕێی هەستەکانییەوە درکبەوە دەکات کە لە ژینگەی چواردەوریدا ڕوو دەدات، هاوکات لە ڕێگەی هەستەکانییەوە مامەڵەی باش و ئەرێنی دەکات خۆی لەگەڵ ئەو ژینگەیەیدا دەگونجێنێت، بۆیە پەروەردەی باخچەی منداڵان گرنگی زۆری بە گەشـــەکردنی هەســـت داوە لای منداڵ، هەروەها بەدەســـتهێنانی لێهاتووی جۆراوجۆر و گەشـــەپێدانی ئەو لێهاتوویانە بە شـێوەیەك بگونجێت لەگەڵ ئاســـتی گەشـــە و پێگەیشـــتنی منداڵدا، ڕەچاوکردنی جیاوازیە تاکە کەســـییەکان و جیاکردنەوەی لێهاتووی عەقڵی لە لێهاتووی کۆمەڵایەتی و گەشەپێدانی توانای عەقڵی بۆ جیاکردنەوەی سەرچاوەی زانیاری و بەکارهێنانی بەشێوەیەکی کارا و ڕێکخستنیان، هەروەها گەشـەپێدانی توانای گوێگرتن و گفتوگۆکردن و خوێندنەوە و تێگەیشـتنی وێنەکان، کاریگەری بەرچاوی هەیە لەسـەر گەشـەی عەقڵی خێرا لای منداڵ، لەم قۆناغەدا مێشـکی منداڵ زۆر بەخێرای گەشە دەکات، هەر ئەو گەشە خێرایەیە دەبێتە پاڵنەر بۆ کاراکردنی ئەو شتانەی لە چواردەوریێتی، ئەمە لەنێو ماڵ و خێزاندا دەبێتە هۆی ســـەغڵەتکردنی خانەوادەکە، لە ئەنجامدا ڕێگری لێدەکرێت بۆ ئاشکراکردنی ئەو شتانە، بەڵام لە باخچەی منداڵاندا پێچەوانەیە.

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

دروســـتکردنی ژینگەی تـایبەت بە منـداڵ، تێیـدا تەواوی منـداڵەکـانی نێو ئەو ژینگەیە یـان کۆمەڵگەیە منـداڵی هـاوتەمەنی خۆیین، لە داهـاتوودا ئەو ژینگەیە کـاریگەری بەرچـاوی دەبێت لە گونجاندنی ئەو منداڵە لەگەڵ کەسـانی دەوروبەریدا و گەشـەپێدان و ڕاهێنانی منداڵ لەسـەر لێهاتووی بنەڕەتی بۆ فێربوون، هەروەها ڕاهێنانی منداڵ لەسەر وێنەکێشان و نووسین و ڕێکخستنی شتەکانی دەوروبەریان یان بیری بونیادنان، ڕۆیشـــتن و هەڵگەڕان بە شـــتەکاندا و بازدان و پاراســـتنی هاوســـەنگی جەســـتە، هەموو ئەمانەش منداڵ دووردەخاتەوە لە زیان و بەرکەوتنی زیانبەخش لە داهاتوودا.(رمزی، ٢٠٠٦، ١٩-٢٠).

هەروەها بە بۆچوونی (جمانة خرونة حزبون) کە ڕاوێژکاری پەروەردەی و توێژەر و پســـپۆڕی منداڵی سەرەتاییە دەڵێت پرۆگرام دەبێت بەم شێوەیە بێت:

پرۆگرامی باخچە لەســـەر بنەمای پێداویســـتی و توانا و ئارەزووەکانی منداڵان بنیات دەنرێت، کە لە قۆناغی باخچەدا بە "منداڵ پرۆگرام دروست دەکات" ناودەبرێت، ئەو هاوبەشـی پەروەردەکارە لەم پرۆســـەیەدا، وەك چۆن لە تایبەتمەندییە گەشـــەســـەندووەکانیەوە دەڕۆین، کە لەســـەر بنەمای ئەو

ناوەڕۆکی پڕۆگرامەی (زانین، چەمك، لێهاتوویی و ســتراتیژی بیرکردنەوەی جیاواز) بۆ هەریەك لەمانە بە بەردەوامی لەماوەی ئەو دوو ساڵەی منداڵ لە باخچە بەسەری دەبات ڕیزبەندی بۆکراوە و بەشــێوازێك فێری منداڵەکە دەکرێت. ئەم ڕیزبەندیکردنە بەهۆی بوونی جیاوازی لە تواناکان و ئامادەکارییەکانی گەشـەکردنی منداڵانە، لە نێوان هەردوو گروپی تەمەنی (چوار بۆ پێنج سـاڵ)، کە پێویسـتی بە جێگیرکردنی ناوەڕۆکی پڕۆگرام بە شـێوەیەکی گونجاو لەگەڵیدا و بە لەبەرچاوگرتنی سرووشتی منداڵانی یەك پۆل و جیاوازی تاکە کەسی نێوانیان هەیە.

شـــایانی باســـە بۆ ئەوەی منداڵ هاوبەشـــێکی ڕاســـتەقینە بێت لە پڕۆگرامدا دەبێت هۆشـــیاری و قبوڵکردنی ناوەڕۆك و مانای "منداڵ پڕۆگرام دروست دەکات" لە ئاستی پەروەردەییدا لە کۆمەڵگەدا هەبێت، جا لەگەڵ دەسەڵاتی پەروەردەیی لە هەموو ئاستەکاندا یان لەگەڵ دایك و باوك و دامەزراوە کۆمەڵایەتییە ناوخۆییەکان.(حزبون: ٢٠٢١: ئینتەرنێت).

**٢-١-٤جۆرەکانی پڕۆگرام :**

بـاخچە، وەك دامەزراوەیەکی پەروەردەیی بەرپرســیـارێتی پەروەردەیی منـداڵی وەك ئەرکێـك هەڵدەگرێت، بۆ بەرجەســتەکردنی ئەمەش ئەرکی بنەڕەتی جێبەجێکردنی پڕۆگرامە، کە شــارەزای گونجاو لە ناوەوە و دەرەوەی باخچە بۆ منداڵ ئامادە دەکات، هەموو دامەزراوەیەکی پەروەردەیی ئەم پڕۆگرامانەی هەیە:

١- پڕۆگرامی ڕەسمی و پلان بۆ دانراوە و دانپێدانراو.

٢- پڕۆگرامی نا ڕەسمی و بێپلان یان شاراوە.

(پڕۆگرامی ڕەســمی پڕۆگرامێکی ڕێکخراو و پلان بۆ داڕێژراوە لە لایەن وەزارەتەوە دانراوە بۆ پەروەردەکردن و فێربوون و فێرکردنی منداڵ بە سەرپەرشتی مامۆستا و ئاراستەکردنی باخچەکە. پڕۆگرامی نا ڕەسـمی پڕۆگرامێکی تەریب یان نەنوسـراو یان نا فەرمییە، کە سـەرجەم شـارەزاییە کۆزانیـارییەکـان دەگرێتەوە، کە منـداڵ پێیی هەڵدەســتێت، لە دەرەوەی پڕۆگرامی فەرمیدا بەبێ سەرپەرشتی مامۆستا، هۆکاری کارلێککردنی هەڵسوکەوتی ڕۆژانەیە لەگەڵ مامۆستا و بەڕێوبەر و هـاوڕێ، بە هۆی چـالاکییەکـانی بـاخچە، یـاری وەرزشـــی، پیشـــبڕکێی پەروەردەی،... منـداڵ وەریـدەگرن)، ئەم دوو جۆرەی پڕۆگرام تەواوکـار و پەیوەســتن بە یەکەوە و نەبوونی یەکێکیـان ئەویتریـان کەم بەهـا دەکـات و نـاتوانێت بە کـارەکی ئەرکەکەی بەرجەســتە بکـات.(فەقێ ئەمین، ٢٠٢٢، ١٩٧).

**٢-١-٥تایبەتمەندی پڕۆگرامی باخچەی منداڵان :**

پرۆگرامی باخچەی منداڵان چەندین چالاکی پۆل لەخۆدەگرێت، جگە لەو کەرەستانەی کە منداڵانی باخچە لە کاتی جێبەجێکردنی چالاکییەکاندا بەکاریدەهێنن، خوێندنەوەی چیرۆك و یاریکردن و بلۆکی بیناسازی(میکانۆ) و چالاکییەکانی تری پۆل بەشێکن لە پرۆگرامی باخچەی منداڵان.

دەتوانین تایبەتمەندیەکانی پرۆگرامی باخچەی منداڵان لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا ئاماژە پێبکەین:

١-پرۆگرام ئەزموونە پەروەردەییەکان لەخۆدەگرێت، دەزانرێت کە ئەزموونە پەروەردەییەکان بنەمان لە پرۆسەی بنیاتنانی پرۆگرامدا، بەو پێیەی لە ئەنجامی کارلێکی منداڵان لەگەڵ بارودۆخەکان، شتەکان، یان مرۆڤەکاندا دروست دەبن، دەبێت گونجاوبێت لەگەڵ پێداویستییەکان و تواناکانی منداڵانی باخچە و هەروەها کارلێکی منداڵ لەگەڵ بارودۆخەکاندا دەبێت لەسەر بنەمای ئازادی و ئاراستە بێت دوور لە هەر دەستوەردانێك کە چێژ و سەرنجی منداڵ کەم بکاتەوە.

٢-پرۆگرامەکە تیشك دەخاتە سەر گەشەکردنی منداڵ لە هەموو لایەنە مەعریفی و هەڵچوونی و جەستەیی و کۆمەڵایەتییەکاندا، جگە لە پەرەپێدانی توانا و لێهاتوویی و ئەزموونەکانی منداڵ لە پرۆسەی دۆزینەوەی شتەکان لە ژینگەی دەوروبەریدا، هەروەها پرۆگرامەکە لەسەر بنەمای بەکارهێنانی زمان لەلایەن منداڵەوە لە دۆخ و ڕووداوە جیاوازەکاندا دامەزراوە، بۆ ئەوەی منداڵ هەستی خۆی دەرببڕێت و پەیوەندی لەگەڵ کەسانیتردا بکات، و منداڵەکە خۆی قبوڵ بکات.

٣-پرۆگرامەکە لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لە ئازادی و سەربەخۆیی منداڵانە کاتێك کە بەدواداچوون بۆ ژینگەی دەوروبەریان دەکات، تا ئەو کاتەی منداڵەکان دەگەنە قۆناغی خۆبەگەورەزانین و بەرپرسیارێتی.

٤-دابینکردنی پرۆگرامی خوێندن بۆ ژینگەیەکی تەندروست و سەلامەت، چ لە ناوەوە یان دەرەوەی باخچەی منداڵان، و گەشەکردنی منداڵان.

٥-پرۆگرام لەسەر بنەمای ڕەچاوکردنی جیاوازی تاکەکەسی لە منداڵاندا دامەزراوە، کە ڕێگە بە منداڵ دەدات گەشە بکات و فێربێت، هەروەها ئەو ئەزموونانەی لە پرۆگرامەکەدا هاتووە پێویستە هەمەچەشن بن، جا لە ڕووی جۆر یان ئاستەوە بێت، ئەمەش نەرمی بە پرۆگرامەکە دەبەخشێت بۆ ئەوەی ئەم جیاوازیانە لەبەرچاو بگیرێت.

٦-تێکەڵکردنی پرۆگرامی خوێندن لەگەڵ بناغەکانی پەروەردەی خێزان.

٧-پرۆگرامەکە لەسەر بنەمای بەکارهێنانی یاریکردن بێت وەك ئامرازێکی گرنگ و جەوهەری لە گەشەکردنی منداڵدا.

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

٨-پرۆگرامەکە لەسەر دیاریکردنی ڕۆڵی نوێ بۆ مامۆستا دامەزراوە، لەڕووی پلاندانان بۆ ژینگەی پۆل و شێوازی ڕێکخستنی، بۆ ئەوەی منداڵ بتوانێت کارلێکی لەگەڵدا بکات، جگە لەوەی مامۆستا چاودێریکردنی ڕەفتاری منداڵەکان دەکات و کاردەکات بۆ ئاڕاستەکردنیان. (العتوم:٢٠٢٠:ئینتەرنێت).

**٢-١-٦پێکهاتەی پرۆگرامی باخچەی منداڵان :-**

ڕێگاکانی فێرکردن کە زیاتر بۆ باخچەی منداڵان گونجاون:-

**١- ڕێگای بینینی ڕۆڵ:**

بینینی ڕۆڵ واتای ئەوەیە منداڵ خۆی بخاتە شوێن کەسێکی تر و لە جیاتی کەسێتی خۆی ڕۆڵی ئەو کەسێتییە بگێڕێت، وەك ئەو ڕەفتار و هەڵسوکەوت بکات.

**٢- ڕێگای چیرۆك گێڕانەوە:**

بە واتای گێڕانەوەی چەندەها چیرۆکی پەروەردەی کە سوودێکی زۆر بە منداڵ دەگەیەنێت.

**٣- بەکارهێنانی بووکەڵە:**

یەکێکە لەو ڕێگایانەی گرنگی خۆی لە فێرکردن و پەروەردەکردنی منداڵدا هەیە و هەموو منداڵانی جیهان بەپێی جیاوازی زۆر حەز لە بینین و گوێگرتن لە بووکەڵە دەکەن، جۆرێکە لە هونەری گوزارشتکردن و لە ڕێگای چەند نموونە و بووکەڵەیەکەوە دەتوانرێت گوزارشت لە ڕەفتار و کەسێتی چەندەها کەس لە ژیانی واقعی منداڵ (باوك، دایك، مامۆستا، خوشك و برا) و هتد... بکرێت.

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

**٤- ڕێگای فێربوون بە لاسایی کردنەوە:**

زانایانی وەك (بەندورا – واڵتەرز) لەو بڕوایەدان کە مرۆڤ زۆر ڕەفتار لە ڕێگەی لاسایکردنەوە و سەرنجدانی کەسانیترەوە فێر دەبێت.(قەرەچەتانی، ٢٠١٤، ١٠١).

هەروەها (منی جاد محمد) چەند شێوازێکی فێرکردن بە گونجاو دەزانێت لە باخچەی منداڵاندا لەوانە:

١- چارەسەری کێشەکان:

پرۆسەی چارەسەرکردنی کێشەکان زنجیرەیەك کردارە لەسەرەتادا کێشەیەك دیاری دەکرێت، پاشان پێشنیاری چەندین چارەسەری گونجاو دەکرێت، لە کۆتاییدا یەکێك لە چارەسەرەکان دیاری دەکرێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کێشەکە، لەم شێوازەدا پرسیار دەخرێتە ڕوو کە منداڵ بیری لێدەکاتەوە و هەستی پێدەکات، ئەم ڕێگایە هاوکاری منداڵ دەکات لە دروستکردنی بڕیار و پرۆسەی بڕیارداندا.

**٢- فێرکردن بە گرووپ:**

لەم شێوازەدا برەو دەدرێت بە گیانی هاوکاری و شێوازی کارکردن بە گرووپ لای منداڵ، هاوکات هاوکارە لە گفتووگۆکردن لەسەر بابەتی فێربوون لە نێوان منداڵاندا، بە شێوەیەکی ئەرێنی، لە پێناو گەشەپێدانی توانای فێربوونی زانیاری و مامەڵەی کۆمەڵایەتی جۆراوجۆر لە نێوان ڕەگەزە جیاوازەکاندا.(جاد، ٢٠٠٤، ١٢١).

**٣- یاریی فێرکاری:**

یاریکردن ئەگەر چی ئاڕاستەکراو بێت یان ئاڕاستەنەکراو، ڕۆڵی کاریگەری هەیە لە فێربوونی منداڵدا، لە پێناو تێگەیشتن لە توانا و ئاڕاستە بەها باوەکانی ئەو کۆمەڵگەیەی کە منداڵ تێیدا پەروەردە بووە. لە نێوان یارییەکانیشدا یاری فێرکاریمان هەیە بە شێوەیەکی یاری ئاڕستەکراو هەژمار دەکرێت مەبەست لێی هێنانەدی ئامانجی پەروەردەی دیاریکراوە.

٤- گەشتی مەیدانی و سەیران یان چوونە نێو ژینگەی دەورووبەر:

گەشتی مەیدانی و سەیران کردن یەکێکە لە شێوازە پەروەردەییە ڕاستەوخۆکان کە هەل دەڕەخسێنێت بۆ منداڵ تا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کارلێك بکات لەگەڵ ئەو ژینگە کۆمەڵایەتی و ماددیەی دەوروبەری.

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

**٥- مۆسیقا و گۆرانی وتن و هەڵپەڕکێ:**

ئەم شێوازە فێرکردنە لایەنێك لە لایەناکانی ژیان دەخاتە ڕوو، لە ڕێگەیەوە منداڵ گوزارشت لە هەست و سۆزی خۆی دەکات.(عزالدين، 2023، 482)

٦- ڕێگاکانی نمایشکردن (ڕێگای خستنە پێشاندان):

هەمیشە مامۆستای باخچەی منداڵان بەرنامەی ڕۆژانەی باخچە بە کۆکردنەوەی منداڵان لە دەوری خۆی دەست پێدەکات، ئەو کۆکردنەوەیەش لە پێناو نمایشکردنی چالاکی و بەرنامەکانی ئەو ڕۆژە و ئەو چالاکییانەیە کە پێی هەڵدەستن. هەروەها بۆ ڕوونکردنەوەی شێوازی بەڕێوەچوونی بڕگەکانی ئەو ڕۆژەیە لە پێناو سەرنجڕاکێشانی منداڵاندا، هەموو ئەمانەش لەڕێی وانەوتنەوەی ڕاستەوخۆدا دەبێت.

**٧- ڕێگای گفتووگۆ و لێکتێگەیشتن:**

سەرکەوتنی پرۆسەی فێرکردن لە باخچەی منداڵاندا، پەیوەستە بە ئاستی سەرکەوتنی مامۆستا لە مامەڵە کردنی ئەرێنی لەگەڵ منداڵاندا. زۆرجار ئەو کارلێکەش پێویستی بە بەشداریکردنی منداڵان

هەیە لە کاتی پیادەکردنی چالاکییە جیاوازەکاندا. هاوکات پەیوەســـت بە ئاســـتی گفتووگۆ و بیر و ڕاگۆڕینەوە لە نێوان فێرخواز و مامۆستادا.

٨- گێڕانەوەی چیرۆك:

چالاکی چیرۆك گێڕانەوە، شـــێوازێکی دیکەی فێرکردنە لە باخچەی منداڵاندا، ئەم جۆرە چالاکییە گرنگییەکی زۆری پێدەدرێت لە لایەن منداڵ و مامۆســـتایانەوە، بەو پێیەی چیرۆك ماوەیەکی زیاتر لە یادەوەریدا دەمێنێتەوە. ئەم جۆرە چالاکییە ناوەندێکی سـەرنجڕاکێش بۆ منداڵان دروست دەکات، کە خۆشـــی، غەم، چاودێری، توڕەبوون و ڕەزامەندیانی تێدابەرجەســـتە دەبێت. هەروەها چیرۆك گێڕانەوە دروستکردنی ژینگەیەکی لەبارە، باشترین شێوازە بۆ گواستنەوەی ئەزموونەکانی ژیان و کارتێکردن لە خەیاڵی منداڵ، هاوکات باشــترین کەرەســتەیە بۆ دروســتکردنی کەســایەتی منداڵ و پەروەردەکردنی ئارەزووەکانی و گەشـــەپێدانی ئاکاری ئەرێنی لە داب و نەریتی فێرخوازدا.(جاد، ٢٠٠٤، ١٢٢-١٢٣).

*** توێژینەوەکانی پێشوو**

**توێژینەوەی یەکەم:**

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

**ناوی توێژەر:** کاتي فاتح، ئەوانیتر.

**ناونیشانی توێژینەوە:** أهمية تنمية المهارات الإجتماعية لطفل (الروضة) طفل ما قبل المدرسة.

**ساڵ و شوێن:** ٢٠١٩، لجزائر، مجلة الأكاديمية للدراسات الاجتماعية و الإنسانية.

**نموونەی توێژینەوە:**لێکدانەوەی توێژینەوەکانی پێشوو.

**ئامانجی توێژینەوە:** توێژەر ئامانجی پێناســەکردنی لێهاتووی کۆمەڵایەتی و تیشــك خســتنەســەر گرنگییەکانیان و گرنگی گەشـــەکردنیان بۆ منداڵانی پێش قوتابخانە، بەجۆرێك کە لە پێداویســـتییە ســـەرەتاییەکان بن، کە منداڵ پێویســـتی پێیەتی بۆ ئەوەی لەگەڵ خۆیدا بگونجێت و لەگەڵ کۆمەڵگادا بگونجێت.

**دەرئەنجامی توێژینەوە:** لێهاتووی کۆمەڵایەتی بنەمای بنیاتنانی کەسـایەتی منداڵ و قبوڵکردنی وەك ئەندامێکی چالاکی کۆمەڵگایە، ئەم کارامەییانە یان لێهاتوویيانە لە قۆناغی ســـەرەتایی منداڵیدا دادەنرێن، بەشداریکردنی منداڵ لە خێزانەکەی و دەوروبەری کۆمەڵگەکەی و چاودێریکردنی ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکان، وای لێدەکات توخمەکانی کەســـایەتی خۆی لە دەوروبەرەکەی هەڵدەمژێت، ئەگەر منداڵ بتوانێت ئەو کارامەییانەی بەدەســت بهێنێت و بە شــێوەیەکی ئەرێنی پراکتیزەیان بکات، ئەوا

کەسایەتییەکەی تەندروستە، ئەمەش ڕێگەی پێدەدات لەگەڵ خۆی و کۆمەڵگاکەیدا بگونجێت، بەم پێیە ئەو تاکەی کە شارەزایی لە کارامەیی کۆمەڵایەتیدا بێت، بە ئاسانی دەتوانێت شارەزا بێت لە باقی کارامەییەکان، ئەمەش بە وەڵامدانەوە بە گشتی لە ژیانیدا ڕەنگ دەداتەوە.

**توێژینەوەی دووەم:**

**ناوی توێژەر:** علاء عبد الحسين شبيب.

**ناونیشانی توێژینەوە:** تنمية المهارات الحركية و أهميتها في مرحلة رياض الأطفال.

**ساڵ و شوێن:** ٢٠١٩، كلية الإمام الكاظم، بغداد.

**نموونەی توێژینەوە:** لێکدانەوەی توێژینەوەکانی پێشوو.

**ئامانجی توێژینەوە:** ڕەهەندە بنەڕەتییەکانی چەمکی لێهاتووی جووڵەیی ڕوون دەکاتەوە، هەروەها تیشك دەخاتە سەر گرنگییەکەی بۆ منداڵان لە بواری پەروەردەدا، بە خستنەڕوو و شیکردنەوەی دەرئەنجامەکانی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەکانی پێشوو. بەشێك بوون لە پەروەردەی گشتی کە ئامانجی بەدیهێنانی گەشەی یەکگرتووی منداڵە لە ڕێگەی چالاکیی جوڵەیی ئاراستەکراوەوە، وە ئامانجی ئاراستەکردنی پەروەردەی قوتابخانەی تەقلیدییە بۆ شێوازی ئەرێنی و کاریگەرتر لە دارشتنی کەسایەتی منداڵ و پەرەپێدانی، تا ئەو ڕادەیەی کە شایستەی توانا و بەهرەکانی بێت.

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

**دەرئەنجامی توێژینەوە:** توێژەر لەڕێگەی توێژینەوەکی کە خستنەڕووی لێکۆڵینەوەی تایبەت بە لێهاتویی جوڵەیی و گرنگییەکەی بۆ منداڵان گەیشت بەم دەرئەنجامانە کە دەبێت لێهاتوییە چۆن بێت بۆ قۆناغی پێش قوتابخانە:

١-ئەزمونی جوڵەیی دەبێت مانادار بێت بۆ منداڵ.

٢-ئامادەکردنی چالاکی جوڵەیی منداڵ لەڕێگەی هەلی تەحەدا (ڕووبەڕوو بوونەوە) و چێژ بەخش.

٣-لەبەرچاوگرتنی فاکتەری ئاسوودەیی لەکاتی جوڵەکان لەگەڵ منداڵان.

٤-ڕەخساندنی دەرفەتی بەشداریکردن و ڕاهێنان بۆ هەموو منداڵان.

٥-تێکەڵکردنی ئەزموونی جوڵەیی لەگەڵ چالاکییەکانی قوتابخانە و ژینگە.

٦-دابینکردنی ژینگەی گونجاو بۆ پراکتیزەکردن.

٧-دۆزینەوەی تواناکان و بەکارهێنانی کارامەیان.

٨-دووربکەوەرەوە لە بەراوردکاری نێوان منداڵان.

**توێژینەوەی سێیەم:**

**ناوی توێژەر:** تۆڵە ئومێد محمود.

**ناونیشـانی توێژینـەوە:** پرۆگرامێکی پێشـنیازکراو بۆ بابەتی موزیك لە بەشـی پەروەردەی هونەری – کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی – زانکۆی سلێمانی.

**ساڵ و شوێن:** ٢٠٢١، زانکۆی سلێمانی.

**نموونـەی توێژینـەوە:** بەپێی توانـای توێژەر و کـاتی تەرخـانکراو بۆ ئەنجـامدانی توێژینەوەکەی، هەسـتا بە هەڵبژاردنی سـێ بابەتی یەکەم (تیۆرەکانی موزیك ڕۆژئاوایی – ڕۆژهەڵاتی، سـۆڵفیجی گشتی و سروود و گۆرانی) لە شـەش بابەتەکەی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە، وەك نموونە بە شـێوازی مەبەستی (عینە قصدیە) لەسـەر بنەمای لۆژیك و سایکۆلۆژی بۆ دیزاینکردنی پرۆگرامی خوێندن، واتە ڕێکخستنی بابەتەکان لە گشتییەوە بۆ بەش لە بنەڕەتەوە بۆ پسپۆڕی و لە ئاسانەوە بۆ گران، بە پێی قۆناغەکانی خوێندن.

**ئامانجی توێژینـەوە:** دانانی پرۆگرامێکی پێشـــنیازکراو بۆ بابەتە بڕیارلێدراوەکان لە بواری موزیك بە سـەر خوێندکارانی قۆناغی یەکەم و دووەمی بەشـی پەروەردەی هونەری – کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی – زانکۆی سلێمانی.

**دەرئـەنجامی توێژینـەوە:** بەپێی ئامانجی توێژینەوەکە، کە بریتی بوو لە پێشـــنیازکردنی پرۆگرامێك بۆ بـابەتی موزیـك لە بەشـــی پەروەردەی هونەری – کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی – زانکۆی سلێمانی. توێژینەوەکە ئامانجەکانی خۆی بە دەستهێنا و سێ بەرنامەی فێرکاری تایبەت بە بابەتەکانی (تیۆرەکانی موزیك – سۆڵفێجی گشتی – سروود و گۆرانی) بە شێوازی پەڕتووك ئامادەکرا.

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

**توێژینـەوەی چوارەم:**

**ناوی توێژەر:** شاڵاو عبدالله ابراهیم

**نـــاونیشــــــانی توێژینـەوە:** پرۆگرامێکی فێرکـاری پێشـــنیـارکراو بۆ گەشـــەپێدانی لێهـاتووییە کۆمەڵایەتییەکان لای منداڵانی باخچە.

**ساڵ و شوێن:** ٢٠٢٢، زانکۆی سلێمانی

**نموونـەی توێژینـەوە:** نموونەی توێژینەوەکە مامۆسـتایانی باخچەی منداڵانی (حوکمی و ناحوکمی) لە هەر دوو بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئـاوا، (٣٦٦) مـامۆســـتـا وەرگیراوە لە سەرجەم باخچەکاندا.

**ئـامانجی توێژینـەوە:** ١- ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە دانانی پێوەرێك بۆ دیاریکردنی لێهاتووییە کۆمەڵایەتییەکان لە هەر سـێ بواری (مێژوو، جوگرافیا و پەروەردەی نیشـتیمانی) بۆ گەشـەپێدانی لێهاتووییە کۆمەڵایەتییەکان لای منداڵانی باخچەی منداڵان.

٢- دانانی پرۆگرامێکی پێشنیازکراو بۆ لێهاتوییە کۆمەڵایەتییەکان لە هەر سێ بواری (مێژوو، جوگرافیا، پەروەردەی نیشتیمانی) ئاستی دووەم، تەمەن پێنج ساڵ.

**دەرئەنجامی توێژینەوە:** دەرئەنجامی توێژینەوەکە گەشتە دانانی پرۆگرامێکی پێشنیازکراو بۆ لێهاتوییە کۆمەڵایەتییەکان لە هەر سێ بواری (مێژوو، جوگرافیا و پەروەردەی نیشتیمانی) ئاستی دووەم، تەمەن پێنج سالان (پەرتووکی پرۆگرامێکی پێشنیازکراو) خراوەتەڕوو و هاوکاری و ڕێنمایی مامۆستا دەکات بۆ بە شێوازێکی ورد و زانستی و سەرنجڕاکێش بۆ وتنەوەی وانەکان و پەرەپێدانی لێهاتوییە کۆمەڵایەتییەکان.

## بەشی سێیەم

**٣-١ میتۆدی توێژینەوە:**

میتۆدی توێژینەوە: بریتییە لە بەکارهێنان و گرتنەبەری ڕێگا و شێوازی زانستی بۆ گەیشتن بە ڕاستییە نوێیەکان و سەلماندنیان، لە پێناو دەوڵەمەندکردن و گەشەکردنی مەعریفەی مرۆڤایەتیدا. (بۆکانی، ٢٠١٦، ٣٥).

توێژەر میتۆدی وەصفی شیکاریان بەکارهێناوە، چونکە ئەم میتۆدە گونجاوە لەگەڵ ناونیشان و ناوەڕۆکی توێژینەوەکەماندا.

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

**٣-٢ کۆمەڵگای توێژینەوە:** بریتیە لە سەرجەم ئەو داتایانەی لە خەسڵەتێکی تێبینیکراودا هاوبەشن وەکو (مرۆڤ، دامەزراوەکان، پرۆگرام، گۆڤار...هتد) (محمد، ٢٠٢٠، ٣٦).

کۆمەڵگای توێژینەوەکە پێکدێت لە سەرجەم مامۆستایانی باخچەکانی سەنتەری شاری سلێمانی کە ژمارەیان (١٨٣) باخچەیە، بەسەر هەردوو باخچە حوکمی و ناحوکمییەکاندا دابەش بوون، بەشێوەیەك باخچە ناحوکمیەکان (٥) باخچە، باخچە حوکمیەکان (٥) باخچەیە، کۆی مامۆستایانی باخچەی منداڵانی شاری سلێمانی (١٣٦٢) مامۆستایە.

**٣-٣ نموونەی توێژینەوەکە:** بریتییە لە بەشێك لەو کۆمەڵگەیەی کە خەسڵەتێکی هاوبەشی تێدایە و نوێنەرایەتی کۆمەڵگەکەی دەکات. (بۆکانی، ٢٠١٦، ١٢٦).

نموونەی توێژینەوەکە پێکدێت لە (٨٣) مامۆستایەنی باخچەی منداڵانی حوکمی و ناحوکمی (٤٥)مامۆستای باخچە حوکمیەکان و (٣٨) مامۆستای باخچە ناحوکمیەکان وەك لە خشتەی ژمارە (١) ئاماژەکان پێداوە.

**خشتەی ژمارە (١)**
**ناوی باخچە حوکمی و ناحوکمی و ژمارەی مامۆستا**

| زنجیره | باخچە حوکمیەکان | ژمارەی مامۆستایان | باخچە ناحوکمیەکان | ژمارەی مامۆستایان |
|---|---|---|---|---|
| 1 | خونچە | ٩ | ئاشتی | ٧ |
| 2 | سەرچنار | ١٠ | کوردجنیەس٢ | ١٠ |
| 3 | ئاوڕنگ | ٦ | وایز | ٩ |
| 4 | هەرمێ | ١٠ | مەلیك | ٧ |
| 5 | پەری | ١٠ | جونیەر | ٥ |
| **کۆی گشتی** | | ٤٥ | | ٣٨ |

**٣-٤ ئامادەکردنی فۆرم و کەرەستەی توێژینەوەکە:**

بڕگەکان لە چەند سەرچاوەیەکەوە ئامادەکراون، لەوانە توێژینەوەیەک بە ناوی (پڕۆگرامێکی پێشنیازکراو بۆ بابەتی موزیك لە بەشی پەروەردەی هونەری – کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی – زانکۆی سلێمانی)، هەروەها یەکێك لە کتێبەکانی پ.د.کەریم شەریف قەرەچەتانی بە ناوی (ڕێنیشاندەری مامۆستای باخچەی ساوایان (ڕێنمایی و پڕۆگرام)، لەگەڵ چەند بڕگەیەکیش کە لەلایەن توێژەر خۆیانەوە داڕێژراوە.

**٣-٥ ڕاستگۆیی:**

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

توانای پێوانەکردنی ئەوەی هەبێت کە لە پێناویدا دانراوە، یاخود ئەو دیاردەیەی ئەمانەوێت پێوانەی بکەین. (الروسان، ١٩٩٩، ١٣).

بۆ دەرهێنانی ڕاستگۆیی توێژەر هەستان بە دابەشکردنی ڕاپرسی ئامادەکراو بۆ ژمارەیەك لە شارەزایان کە لە (٥) مامۆستای شارەزا پێکهاتبوو لە بوارەکانی پەروەردە و دەروونزانی بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی بڕگەکانی پێوەرەکە بۆ دەربڕینی ڕاوبۆچوون و تێبینییەکان لەسەر ئەوەی بڕگەکان تا چەند بە وردی داڕێژراون و ڕوون و شیاون بۆ بەکارهێنان و بەدەستهێنانی زانیاری بەدیهێنانی ئامانجی توێژینەوەکە.

بڕگەکان پێکهاتبوون لە (٥٣) بڕگە لەدوای ڕەخنە و تێبینی شارەزایان، بڕگەکان هیچیان لانەبران و وەکوخریان مانەوە.

**٣-٦ جێگیری:**

یەکێك لە خەسڵەتە گرنگەکانی ئامرازەکانی توێژینەوەیە، کە پێویستە پێش ئەوەی ئامرازەکە پراکتیزە بکەین و دڵنیابین لە خەسڵەتی جێگیری. (محمد، ٢٠٢٠، ٥٥).

توێژەر بۆ دیاریکردنی جێگیری پێوانەکەی ڕێگەی تاقیکردنەوە ودووبارە تاقیکردنەوەی بەکارهێنا. لەم ڕێگەیەدا ئامرازی توێژینەوەکە، دوو جار بەسەر هەمان نموونەدا جێبەجێ دەکرێتەوە

بەمەرجێك ماوەی زەمەنیان لە (١٤) ڕۆژ کەمتر نەبێت، دواتر ئەو هاوکۆلکە پەیوەندییەی دەستمان دەکەوێت ڕادەی جێگیری پێوانەکە نیشــــان دەدات، جێگیری پێوانەکە بەشـــێوازی (Test-retest)، بۆجاری یەکەم لەڕێکەوتی (٢٠٢٣،١،٨) پێوانەکە بەسـەر (١٧) مامۆستادا جێبەجێکرا، کە بەشێك بوون لەکۆمەڵگەی توێژینەوە، پێك هـاتبوون لەڕەگەزی نێر و مێ، دوای تێپەڕبوونی (١٧) ڕۆژ لەڕێکەوتی (٢٠٢٣،١،١٩) دووبارە پێوانەکە لەسەر هەمان نموونە جێبەجێکرایەوە، دواتر پەیوەندی لەنێوان ئەنجامی یەکەم و دووەم لەڕێگەی هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرســـۆن(person) دۆزرایەوە، لەئەنجامدا دەرکەوت بەهای پەیوەندی نێوان ئەنجامدانی یەکەم و دووەم بریتیە لە(٠،٩٥٧)ئەمەش پەیوەندییەکی بەهێزە و ئاماژەیە بۆ ئەوەی، کە جێگیری پێوانەکە بەرزە. هەروەك لە خشـــتەی (٢) ڕوونکراوەتەوە.

**خشتەی (٢)**
**هاوکۆلکەی جێگیری بۆ پێوانەی پرۆگرامی باخچە**

| جێبەجێکردن | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | هاوکۆلکەی جێگیری |
|---|---|---|---|
| یەکەم | 69.8235 | 9.21436 | 0.957 |
| دووەم | 69.2941 | 9.83466 | |

## جێگیری :

توێژەر بۆ دیاریکردنی جێگیری پێوانەکەی ڕێگەی تاقیکردنەوە و دووبارە تاقیکردنەوەی بەکارهێنا، لەم ڕێگەیەدا ئـامرازی توێژینەوەکە، دوو جـار بەســـەر هەمـان نموونەدا جێبەجێ دەکرێتەوە بەمەرجێك ماوەی زەمەنیان لە (١٤) ڕۆژ کەمتر نەبێت، دواتر ئەو هاوکۆلکە پەیوەندییەی دەستمان دەکەوێت ڕادەی جێگیری پێوانەکە نیشــــان دەدات، جێگیری پێوانەکە بەشـــێوازی (Test-retest)، بۆجاری یەکەم لەڕێکەوتی (٨،١،٢٠٢٣) پێوانەکە بەسـەر (١٧) مامۆستادا جێبەجێکرا، کە بەشێك بوون لەکۆمەڵگەی توێژینەوە، پێکهـاتبوون لەڕەگەزی نێر و مێ، دوای تێپەڕبوونی (١٧) ڕۆژ لەڕێکەوتی (١٩،١،٢٠٢٣) دووبارە پێوانەکە لەسەر هەمان نموونە جێبەجێکرایەوە، دواتر پەیوەندی لەنێوان ئەنجامی یەکەم و دووەم لەڕێگەی هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرســـۆن (person) دۆزرایەوە، لەئەنجامدا دەرکەوت بەهای پەیوەندی نێوان ئەنجامدانی یەکەم و دووەم بریتییە لە (٠,٩٤٣) ئەمەش

پەیوەندییەکی بەهێزە و ئاماژەیە بۆ ئەوەی، کە جێگیری پێوانەکە بەرزە. هەروەك لە خشـــتەی (٣) ڕوونکراوەتەوە.

**خشتەی (٣)**

**هاوکۆلکەی جێگیری بۆ پێوانەی توانای منداڵان**

| جێبەجێکردن | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | هاوکۆلکەی جێگیری |
|---|---|---|---|
| یەکەم | ٦٩،٠٠٠٠ | ٩،٢٣٩٨٦ | ٠،٩٤٣ |
| دووەم | ٦٩،٢٩٤١ | ٩،٨٣٤٦٦ | |

**٣-٧ جێبەجێکردنی توێژینەوەکە:**

ڕۆژی (٢٠٢٣،٢،٥)، بەشێوەیەکی کردەیی (٨٣) فۆڕم دابەشکرا بەسەر نموونەی توێژینەوەکەدا، کە بریتی بوون لە (٤٥) مامۆســتای باخچە حوکمییەکان و (٣٨) مامۆســتای باخچە ناحوکمییەکان. ســەبــارەت بە پڕکردنەوەی فۆڕمەکە و بڕگەکـان، ڕوونکردنەوەی پێویســـتمـانـدا بە نموونەی توێژینەوەکە.

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

**٣-٨ ئامرازە ئامارییەکان:**

- ســـوود لە پرۆگرامی (SPSS) هەگبەی ئـامـاری بۆ زانســـتە کۆمەڵایەتیەکـان ڤێرژنی (٢٥) وەرگیراوە بۆ بەکارهێنانی ئەم ئامرازە ئامارییانەی خوارەوە:

١- تاقیکردنەوەی (t) بۆیەك نموونە (One Sample T-Test).

$$T.test = \frac{\bar{x}+M}{\frac{A}{\sqrt{N}}}$$

٢- تاقیکردنەوەی (t) تائی بۆ دوو نموونەی سەربەست (Independent Sample T-Test)

$$T.test = \frac{X_1 + X_2}{\sqrt{\frac{(n_1-1)A_1^2}{n_1+n_2-2} + \frac{(n_2-1)A_2^2}{n_1+n_2-2} * \left(\frac{1}{n_1}+\frac{1}{n_2}\right)}}$$

٣- هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن (Person Correlation Coefficient)

$$r = \frac{\sum XY - \frac{(\sum x)(\sum y)}{n}}{\sqrt{\left[\left[\sum_X 2 - \frac{(\sum X)^2}{n}\right]\right] * \left[\left[\sum_Y 2 - \frac{(\sum Y)^2}{n}\right]\right]}}$$

## بەشی چوارەم

## خستنەڕوو و شیکردنەوەی ئەنجامەکان

**٤-١ئامانجی توێژینەوەکە:** ئەم بەشە، خستنەڕوو و شیکردنەوەی ئەو ئەنجامانەیە، کە توێژینەوەکە پێیگەیشتووە و لەبەر ڕۆشنایی ئامانجە دیاریکراوەکان ڕاڤەکراوە، بۆ ئەو مەبەستەش توێژەر لە کاتی شیکردنەوەکەدا ئەم هەنگاوانەی پێڕەوکردووە.

**ئامانجی یەکەم: زانینی ئاستی پرۆگرامی باخچە لای مامۆستایانی باخچەی منداڵان لە شاری سلێمانیدا بە شێوەیەکی گشتی.**

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

دوای کۆکردنەوەی داتاکان و بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی (T-test) بۆ یەك نموونە بە بەکارهێنانی بەرنامەی ئاماری (SPSS)، لە ئەنجامدا دەرکەوت، کە نرخی (t) هەژمارەکراو (٣٠,٢٧) گەورەترە لە نرخی (t) خشتەیی، کە (١،٩٧) بوو بە نمرەی ئازادی (٨٢) لە ئاستی بەڵگەداری (٠،٠٥)، هەروەك لە خشتەی (٤) ڕوونکراوەتەوە، واتە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری بەدیدەکرێت، ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە پرۆگرامی باخچە لە ئاستێکی بەرزدایە.

**خشتەی(٤)**

**ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی تائی (یەك نموونە) بۆ پێوەری پرۆگرامی باخچە**

| نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەریی | ناوەندی گریمانەیی | نمرەی ئازادی | بەهای تائی | | ئاستی بەڵگەداری ٠،٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| ٨٣ | ٥٨،٢٢٨٩ | ٥،٣٧٤٥٧ | ٥٤ | ٩٣ | ٣,٢٧ | ١,٩٧ | بەڵگەدارە |

وەك لە خشـتەی ژمارە (٤) دا دەردەكەوێت، بەهای (t) هەژمارکراو یەکسـانە بە (٣,٢٧)، بەهای (t) خشـتەیی یەکسـانە (١,٩٧) و نمرەی ئازاد یەکسـانە (٩٣) لە ئاسـتی بەڵگەداری (٠،٠٥) دایە. لەبەرئەوەی، کە بەهای (t) هەژمارکراو گەورە ترە لە بەهای (t) خشتەیی، بەم جۆرە دەردەکەوێت، کە ئاسـتی پڕۆگرامی باخچە لای مامۆسـتایانی باخچەی منداڵان (نموونەی توێژینەوەکە) بە شـێوەیەکی گشـتی لە ئاسـتێکی بەرزدایە، توێژەر هۆکاری ئەم ئەنجامە دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی تاکەکانی نموونەی توێژینەوە خاوەنداریێتی ئاراسـتەیەکی پۆزەتیڤ دەکەن بەرامبەر چەمکی پڕۆگرامی باخچە لای مامۆستایانی باخچەی منداڵان.

**ئامانجی دووەم: زانینی جیاوازی پڕۆگرام بەپێی باخچەی (حوکمی و ناحوکمی).**

بۆ زانینی ئەم جیاوازییە توێژەر ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەریی بۆ نمرەکانی باخچەی حوکمی و ناحوکمی لەسـەر پێوەری پڕۆگرامی باخچە دەرهێنا، پاشـان بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی (T-test) بۆ دوو نموونەی سـەربەخۆ بەپشـت بەسـتن بە بەرنامەی ئاماری (SPSS)، دەرکەوت نرخی بەهای (t) ی هەژمارکراو (١,١٥٨) بەنمرەی ئازادی (٨١) لەسـەر ئاسـتی بەڵگەداری (٠،٠٥)، وەک لەخشتەی ژمارە(٥) خراوەتەڕوو.

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

**خشتەی (٥)**

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی (T-test) (دوو نموونە) بۆ لەسەر پێوەری پروگرامی باخچە بەپێی گۆڕاوی باخچەی (حکومی و ناحکومی)**

| جۆری باخچە | ژمارە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەریی | ناوەندی گریمانەیی | نمرەی ئازاد | بەهای تائی | | ئاستی بەڵگەداری ٠،٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| **حوكمی** | ٤٥ | ٥٧،٦٢٢٢ | ٦،٢١٣٢١ | ٨٧ | ٨١ | ١,١٥٨ | ١,٩٧ | بەڵگەدار نیە |
| **ناحوكمی** | ٣٨ | ٥٨،٩٤٧٤ | ٤،١٣٩١٢ | | | | | |

وەک لەخشتەی ژمارە (٥) دا دەردەکەوێت، بەهای (t) هەژمارکراو یەکسانە (١٥٨,١)و بەهای (t) خشتەیی یەکسانە (٩٧,١) و نمرەی ئازاد یەکسانە بە (٨١)، و بەهای بەڵگەداری (١,١٥٨) و لە ئاستی بەڵگەداری (٠،٠٥) دایە، لەبەرئەوەی بەهای (t) هەژمارکراو گەورەترە لەبەهای خشتەیی، بەم جۆرەش دەردەکەوێت، کە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لەنێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی حوکمی و ناحوکمی لای منداڵانی باخچە لەسەر پێوەری کێشەی پرۆگرامی باخچە بەپێی باخچەی (حوکمی و ناحوکمی)، توێژەر پێی وایە بەشێك لە هۆکارەکەی ئەم ئەنجامە دەگەڕێتەوە بۆئەوەی وەزارەتی پەروەردە پرۆگرامەکەی بە شێوەیەکی گشتی داناوە بەبێ جیاوازی لە نێوان باخچە حوکمی و نا حوکمییەکان.

**ئامانجی سێیەم: زانینی ئاستی توانای منداڵان لای مامۆستایانی باخچەی منداڵان لە شاری سلێمانیدا بە شێوەیەکی گشتی.**

مجلة لاوك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

دوای کۆکردنەوەی داتاکان و بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی (T-test) بۆ یەك نموونە بە بەکارهێنانی بەرنامەی ئاماری (SPSS)، لە ئەنجامدا دەرکەوت، کە نرخی (t) هەژمارەکراو (٢٨,١٢) گەورەترە لە نرخی (t) خشتەیی، کە (١،٩٧) بوو بە نمرەی ئازادی (٨٢) لە ئاستی بەڵگەداری (٠،٠٥)، هەروەك لە خشتەی (٦) ڕوونکراوەتەوە، واتە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری بەدیدەکرێت، ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە توانای منداڵان لە ئاستێکی بەرزدایە.

**خشتەی (٦)**

**ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی تائی (یەك نموونە) بۆ پێوەری توانای منداڵان**

| نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەریی | ناوەندی گریمانەیی | نمرەی ئازادی | بەهای تائی | | ئاستی بەڵگەداری ٠،٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| ٨٣ | ٧٣،٦٢٦٥ | ٨،٨٢٧٢٢ | ٧٢ | ٨٢ | ٢٨,١٢ | ١,٩٧ | بەڵگەدارە |

وەك لە خشتەی ژمارە (٦) دا دەردەکەوێت، بەهای (t) هەژمارکراو یەکسانە بە (٢٨,١٢)، بەهای (t) خشتەیی یەکسانە (١،٩٧) و نمرەی ئازاد یەکسانە (٩٣) لە ئاستی بەڵگەداری (٠،٠٥) دایە. لەبەرئەوەی، کە بەهای (t) هەژمارکراو گەورەترە لە بەهای (t) خشتەیی، بەم جۆرە دەردەکەوێت، کە ئاستی توانای منداڵان لای مامۆستایانی باخچەی منداڵان بە شێوەیەکی گشتی لە ئاستێکی بەرزدایە، توێژەر هۆکاری ئەم ئەنجامە دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی تاکەکانی نموونەی توێژینەوە خاوەندارێتی ئاڕاستەیەکی پۆزەتیڤ دەکەن بەرامبەر چەمکی توانای منداڵان لای مامۆستایانی باخچەی منداڵان.

**ئامانجی چوارەم: زانینی ئاستی توانای منداڵان بەپێی باخچەی (حوکمی و ناحوکمی).**

بۆ زانینی ئەم جیاوازییە توێژەر ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەریی بۆ نمرەکانی باخچەی حوکمی و ناحوکمی لای منداڵانی باخچەی منداڵان لەسەر پێوەری توانای منداڵان دەرهێنا، پاشان بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی (T-test) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ بەپشت بەستن بە بەرنامەی ئاماری (SPSS)، دەرکەوت نرخی بەهای (t)ی هەژمارکراو (١,١٥٨) بەنمرەی ئازادی (٨١) لەسەر ئاستی بەڵگەداری (٠،٠٥)، وەک لەخشتەی ژمارە (٧) خراوەتەڕوو.

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

**خشتەی (٧)**

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی (T-test) (دوو نموونە) بۆ لەسەر پێوەری توانای منداڵان بەپێی باخچەی (حوکمی و ناحوکمی)**

| جۆری باخچە | ژمارە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەریی | ناوەندی گریمانەیی | نمرەی ئازاد | بەهای تائی | | ئاستی بەڵگەداری ٠،٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| حوكمی | ٤٥ | ٧٠،٢٢٢٢ | ٧٠،٢٢٢ ٢ | ٧٢ | ٨١ | ٤,١٩٢ | ١,٩٧ | بەڵگەدارە |
| ناحوكمی | ٣٨ | ٧٧،٦٥٧٩ | ٧٧،٦٥٧ ٩ | | | | | |

وەك لەخشتەی ژمارە (٧) دا دەردەكەوێت، بەهای (t) هەژماركراو یەكسانە (٤,١٩٢)و بەهای (t) خشتەیی یەكسانە (١،٩٧) و نمرەی ئازاد یەكسانە بە (٨١)، و لە ئاستی بەڵگەداری (٠،٠٥) دایە، لەبەرئەوەی بەهای (t) هەژماركراو گەورەترە لەبەهای خشـــتەیی، بەم جۆرەش دەردەكەوێت، كە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لەنێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەكانی حوكمی و ناحوكمی لای منداڵانی باخچە لەسەر پێوەری توانای منداڵان بەپێی باخچەی (حوكمی و ناحوكمی) كەلای باخچەی ناحوكمی بەرزترە، توێژەران پێی وایە بەشـێك لە هۆكارەكەی ئەم ئەنجامە دەگەڕێتەوە بۆئەوەی كە خێزانی منداڵەكانی باخچە ناحوكمییەكان لە ڕووی ماددییەوە بڕێكی زیاتر دەدەن وەك لە باخچە حوكمییەكـان لەبەر ئەم هۆكـارەش، بـاخچە نـاحوكمییەكـان گرنگیەكی زۆرتر دەدەن بە منـداڵان لەڕووی بەكارهێنانی ئەو پڕۆگرامەی كە دانراوە بەشێوەیەكی گشتی و گەشەدان بە توانایان.

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

**٤-٢ ڕاسپاردەكان:**

١- ڕاسـپاردەی ئەوە دەكەین كە مامۆسـتایان ڕۆڵیان هەبێت لە كەمكردنەوەی هەبوونی هەر كەم و كورتیەك لە پڕۆگرامەكەدا.

٢- ڕاســـپاردەی ئەوەدەكەین كە بەڕێوەبەران و مامۆســـتایانی باخچەكان توێژینەوە ئەنجامبدەن بۆ ئەوەی بتوانن باشترین خزمەت بە منداڵان بكەن.

٣- ئەنجامدانی توێژینەوەی هاوشـێوە بە مەبەسـتی پێشـنیاركردن بۆ زیادكردنی بیرۆكەی نوێ بۆ پڕۆگرام.

٤- ڕاســـپـاردەی ئەوە دەكەین كە خێزانیش ڕۆڵـیـان هەبێـت و هـاوكـاری مـامۆســـتـایـان بن لە بەرەوپێشبردنی ئاستی توانای منداڵان.

٥- بەرزكردنەوەی ئاستی زانستی مامۆستایانی باخچە لەسەر شێوازی بەكارهێنانی پڕۆگرام.

**٤-٣ پێشنیارەكان:**

١- ئەنجامدانی توێژینەوەی هاوشێوەی ئەم توێژینەوەیە، بە جیاوازی گۆڕاوی تر.

٢- ئەنجامدانی توێژینەوەیتری هاوشێوە لە شوێنیتر.

٣- ڕاهێنانی مامۆستایان لەسەر ڕێگاكانی وانەوتنەوە، بۆ بەرەوپێشبردنی ئاستی منداڵ.

٤- شارەزابوونی مامۆستایان لەسەر لایەنە لاوازەکانی منداڵ کە پەیوەندی بە توانایەوە هەیە.

٥- هۆشیارکردنەوەی خێزانەکان لەسەر گرنگی ئاستی منداڵەکەیان.

## لیستی سەرچاوەکان

**سەرچاوەی کوردی**

**کتێب:**


-بۆکان، سابیر (٢٠١٦)، میتۆدی توێژینەوەی زانستی، چاپی یەکەم، چاپخانە و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، سلێمانی.

-عزیز، کریم احمد (٢٠١٩)، پرۆگرامی پەروەردەی (دەروازەیەك بۆ ناسینی پرۆگرام و شیکردنەوەی کتێب)، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی نارین، هەولێر.

-فەقێ ئەمین، هەوار عومەر، (٢٠٢٢)، بنەماکانی زمانی پەروەردەی لە پرۆگرامی خوێندندا، چاپی یەکەم، دەزگای چاپخانەی تاران، سلێمانی.

-قەرەچەتانی، کەریم شەریف (٢٠١٤)، ڕێنیشاندەری مامۆستای باخچەی منداڵان (ڕێنمایی و پرۆگرام)، چاپی دووەم، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی.

-محمد، سەرکەوت جمال (٢٠٢٠)، ڕێبازی لێکۆڵینەوەی دەرونزانی و پەروەردەی، چاپی دووەم، سلێمانی.


مجلة لآراء الفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

**سەرچاوەی عەرەبی**

**کتێب:**


- الروسان، فاروق (١٩٩٩)، الاساليب و التشخيص التربية الخاصة، طبع الاولى، كمان: دار الفكر للطابعة.

- الوكيل، حلمى أحمد، المفتي، محمد الامين. (١٩٩٩). المناهج: المفهوم، العناصر، الأسس، التنضيمات، التطوير، القاهرة: مكتبة الأنجلو المصرية.

- جاد، منى محمد على (٢٠٠٤)، مناهج رياض الاطفال، دار المسيرة للنشر و التوزيع و الطباعة، الاردن.

- رمزى، احمد عبدالحى (٢٠٠٦)، التخطيط التربوي ماهيته ومبرراتة وأسسه، دار الوفاء لدنيا الطابعة و النشر، الطبعة الألى، الأسكندريه.

- سينهات محمد عز الدين أ. . (2023). دور اغاني الاطفال التلفزيونية في تشكيل سلوكيات الاطفال اليومية ومعارفهم .لارك-506 ,15(2), .472 https://doi.org/10.31185/lark.Vol2.Iss49.2923

- عبدالكريم، حوحو. (٢٠١٨). تطوير المناهج التربوية وعلاقته بدافعية الميول لممارسة الأنشطة البدنية و الرياضية لدى تلاميذ الطور الثانوي. (رسالة الماجستير). معهد علوم و تقنيات النشاطات البدنية و الرياضية. جامعة محمد خيضر بسكرة. الجمهورية الجزائرية الديمقراطية الشعبية.

**ئینتەرنێت:**

- الخفاجي، ابتسام جعفر جواد كاظم. (٢٠١٧). المناهج (تعريفها، وانواعها). كلية التربية الاساسية. جامعة بابل. وەرگیراوە لە: https://staff.uobabylon.edu.iq/lectures.aspx?id=530&ListPage=10 لە ڕێکەوتی(٢٣/١١/٢٠٢٢) کراوەتەوە.

- غنيمات، إسلام، ما هي المهارة. (٢٠١٩). وەرگیراوە لە: https://staff.uobabylon.edu.iq/lectures.aspx ، لە ڕێکەوتی (٢٤/١١/٢٠٢٢) کراوەتەوە.

- بهرم، هشام بهرم، المهارة والكفاءة والمعرفة. (٢,١٨). وەرگیراوە لە: https://heshambahram.com/المهارة-والكفاءة-والمعرفة/ ، لە ڕێکەوتی (٢٤/١١/٢٠٢٢) کراوەتەوە.

- حزبون، جمانة خرونة (٢٠٢١)، منهاج رياض الأطفال وعلاقته بالتعلّم والتعليم في ظلّ كورونا. وەرگیراوەلە:https://www.manhajiyat.com/ar/منهاج-رياض-الأطفال-وعلاقته-بالتعلّم-والتعليم-في-ظلّ-كورونا/مدونة، لە ڕێکەوتی (١٨/١١/٢٠٢٢) کراوەتەوە.

- العتوم، خلود حسن (٢٠٢٠)، النمو الانفعالي لطفل الروضة وعلاقته باللعب. وەرگیراوە لە: https://e3arabi.com/educational-sciences/النمو-الانفعالي-لطفل-الروضة-وعلاقته-ب/، لە ڕێکەوتی (١٦/١١/٢٠٢٢) کراوەتەوە.

## Resources
## Kurdish Source
**book**:

1.Bokan, Sabir (2016), Scientific Research Method, First Edition, Chawarchra Printing House, Sulaimani.

2.Aziz, Karim Ahmad (2019), Education Program (A Gateway to Program Knowledge and Book Analysis), First Edition, Narin Publishing House, Erbil.

3.Faqe Amin, Hawar Omar, (2022), Principles of Educational Language in the Curriculum, First Edition, Tehran Printing House, Sulaimani.

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

4.Karachetani, Karim Sharif (2014), Kindergarten Teacher Guidelines (Guidelines and Programs), Second Edition, Paywand Printing House, Sulaimani.

5.Mohammed, Sarkawt Jamal (2020), Methods of Psychological Research and Education, Second Edition, Sulaimani.

**Arabic sources**

**book:**

6.Al-Russan, Farooq (1999), Al-Salib wa Al-Tashkhis Al-Tarbiyah Al-Khasa, First Edition, Kaman: Dar Al-Fakr Publishing House.

7.Al-Wakil, Helmi Ahmed, Al-Mufti, Mohammed Al-Amin. (1999). Curriculum: Concept, Elements, Foundations, Organizations, Development, Cairo: Egyptian Angel Library.

8.Jad, Mani Mohammed Ali (2004), Children's Riyadh Curriculum, Dar Al-Masirah for Publishing, Distribution and Printing, Jordan.

9.Ramzi, Ahmad Abdullahi (2006), Educational Planning Nature, Content and Basis, Dar Al-Wafa' in the World of Printing and Publishing, Last Printing, Alexandria.

10.Sinhat Mohammed Ezzuddin A. . . . . (2023). The role of television children's songs in the formation of everyday children's behavior and their knowledge. Lark, 15(2), 506-472. https://doi.org/10.31185/lark.Vol2.Iss49.2923

11.Abdelkarim, Houhou. (2018). Development of educational curricula and its relationship to the motivation of tendencies to practice physical and sports activities among secondary school students. (Master's thesis). Institute of Sciences and Techniques of Physical and Sports Activities. University of Mohamed Khider Biskra. People's Democratic Republic of Algeria.

Internet:

12.Al-Khafaji, Ibtissam Jaafar Jawad Kazem. (2017). Curricula (definitions, varieties). College of Basic Education. University of Babylon. Retrieved from: https://staff.uobabylon.edu.iq/lectures.aspx?id=530&ListPage=10

Opened on (2022/11/23).

13.- Spoils, Islam, what is the skill. (2019). Retrieved from: https://staff.uobabylon.edu.iq/lectures.aspx

14., opened on (2022/11/24).

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

15.Bahram, Hisham Bahram, Skill, Competence and Knowledge. (2.18). Retrieved from "https://heshambahram.com/skills-and-competence-and-knowledge/

16., opened on (2022/11/24).

17.- Hezbollah, Jamana Khruna (2021), Children's Sports Curriculum and its Relationship to Education in the Coronavirus. Retrieved from:https://www.manhajiyat.com/ar/children's-sports-curriculum-and-its-relationship-to-education-and-education-in-the-corona/civilization, accessed on (2022/11/18).

- Al-Atoum, Kholoud Hassan (2020), The emotional development of the kindergarten child and his relationship with play. Retrieved from: https://e3arabi.com/educational-sciences/ The emotional-development of the kindergarten child and its relationship with/,

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية